هەر کەسێک دوو کچ بەخێو بکات، هەتاوەکو پێدەگەن؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا من وئەو (وەکو ئەم دووانەین)». وهەردوو پەنجەکەی بەیەکەوە لکاند، وئاماژەی بۆکرد

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر کەسێک دوو کچ بەخێو بکات، هەتاوەکو پێدەگەن؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا من وئەو (وەکو ئەم دووانەین)». وهەردوو پەنجەکەی بەیەکەوە لکاند، وئاماژەی بۆکرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت ئەو کەسەی خوای گەورە دوو کچ یان دوو خوشکی پێ ببەخشێت؛ پاشان هەستێت بە بەخێوکردنیان وپەروەردە کردنیان وڕێنموێنی کردنیان بۆ خێر وچاکە وئاگاداریان بکاتەوە لە شەڕ وخراپە هەتاوەکو گەورە دەبن وپێدەگەن، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت لەگەڵ پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم- هەروەکو چۆن پەنجەی شایەتمان وپەنجەی ناوەڕاست پێکەوەن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3360